بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ ﴿1﴾

ئەی ئەو کەسەی خۆت پێچاوەتەوە (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم).

قُمْ فَأَنذِرْ ﴿2﴾

هەستەو (خەڵکی) بێداربکەرەوە (ڕاستەییەکان ڕوون بکەرەوە).

وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ ﴿3﴾

پەروەردگارت بە گەورە ناو ببەو ( الله اکبر، با دروشمت بێت، مەزنیی
ئەو زاتە ڕوون بکەرەوە).

وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ ﴿4﴾

پۆشاکت (دڵ و دەروونت، رەفتارت، هەرهەمووی) خاوێن بکە (خۆت
و شوێنکەوتوانت).

وَالرُّجْزَ فَاهْجُرْ ﴿5﴾

هەرچی ناباشی و ناپوختەییەك هەیە وازی لێ بێنەو لێی دوربکەوە.

وَلَا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ ﴿6﴾

منەتیش مەکە (بەسەر کەسدا) چاکەو بەخشینەکانت بەزۆر مەزانە
(هەمیشە با لە زیادی بێت).

وَلِرَبِّكَ فَاصْبِرْ ﴿7﴾

هەوڵ بدە لەبەر خاترو ڕێزی پەروەردگارت خۆگرو ئارامگربە.

فَإِذَا نُقِرَ فِي النَّاقُورِ ﴿8﴾

جا کاتێ کە فوو کرا بە (صور)داو (دەزگای تایبەتی) لدرا.

فَذَلِكَ يَوْمَئِذٍ يَوْمٌ عَسِيرٌ ﴿9﴾

ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی زۆر گران و سەختە (کە بەسەر دانیشتوانی زەویدا دێت).

عَلَى الْكَافِرِينَ غَيْرُ يَسِيرٍ ﴿10﴾

بەسەر کافراندا بە ئاسانی تێناپەڕێت (بەڵکو زۆر سەغڵەتیان دەکات).

ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا ﴿11﴾

وازم لێ بێنە بۆ ئەو کەسەی کە بە تەنهایی بەدیم هێناو (هیچی نەبوو، کە وەلیدی کوڕی موغەیرەیە).

وَجَعَلْتُ لَهُ مَالًا مَّمْدُودًا ﴿12﴾

(لەوەودوا) ماڵ و سامانی زۆرو زەبەندم پێبەخشی.

وَبَنِينَ شُهُودًا ﴿13﴾

چەندەها کوڕو نەوەش کە هەمیشە ئامادەن لە نزیکیدا.

وَمَهَّدتُّ لَهُ تَمْهِيدًا ﴿14﴾

وە لە هەموو کەل و پەل و نازو نیعمەتێك بەهرەوەرم کرد.

ثُمَّ يَطْمَعُ أَنْ أَزِيدَ ﴿15﴾

کەچی (ئەوەندە) تەماعکارە هەر حەز لە زیاتر و زۆرتر دەکات و (چاوی تێر نابێت).

كَلَّا إِنَّهُ كَانَ لِآيَاتِنَا عَنِيدًا ﴿16﴾

نەخێر، (ئەو زەلامە، بە هیچ شتێك تێر ناخوات و ملکەچ نابێت)، ئەو هەر سەرکەش و عەنید و سەرسەختە.

سَأُرْهِقُهُ صَعُودًا ﴿17﴾

من ئەو (زەلامە) بەهۆی ڕەدوونانەوە (بەناو بەرزایی و کێوەکانی دۆزەخدا) ماندوو هیلاك دەکەم.

إِنَّهُ فَكَّرَ وَقَدَّرَ ﴿18﴾

بەڕاستی ئەو بیری کردەوەو (پەیامەکەی) هەڵسەنگاند (بەڵام بەهەڵە).

فَقُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ ﴿19﴾

بە کوشت چێ و سەرەونگوون بێت، ئەوە چۆن هەڵسەنگاندنێك بوو.

ثُمَّ قُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ ﴿20﴾

پاشان هەر بە کوشت بچێت (بۆ خۆی و) هەڵسەنگاندنێك کە کردی (بۆ قورئان).

ثُمَّ نَظَرَ ﴿21﴾

ئینجا بیری لێ کردەوەو وورد بووەوە تەماشای دەورو بەری کرد.

ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ ﴿22﴾

ئینجا ناو چاوی هێنایەوە یەك (وەك یەکێك بە قوڵی بیر بکاتەوە)
ڕوخساری خۆی ناشرین کرد.

ثُمَّ أَدْبَرَ وَاسْتَكْبَرَ ﴿23﴾

پاشان ڕووی وەرگێڕاو خۆی بە زل زانی.

فَقَالَ إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ يُؤْثَرُ ﴿24﴾

(وە بە هەموو عەقڵیەوە وتی)!! ئەم (قورئانە) جادووەو لەکەسی ترەوە وەرگیراوە!!..

إِنْ هَذَا إِلَّا قَوْلُ الْبَشَرِ ﴿25﴾

ئەمە هەر قسەی بەشەرو خەڵکە؟!

سَأُصْلِيهِ سَقَرَ ﴿26﴾

(ئەو بێویژدانە بەسەریەوە ناچێت) دەبێت بیگەیەنمە ناو دۆزەخ.

وَمَا أَدْرَاكَ مَا سَقَرُ ﴿27﴾

جا تۆ نازانیت دۆزەخ چیەو (چەندە سامناکە).

لَا تُبْقِي وَلَا تَذَرُ ﴿28﴾

هیچ شتێك نایەڵێتەوە (لە لاشەیان نەیسوتێنێت) هیچ (ئەندامێك)
بەجێنایەڵێت (بێ سزاو ئازار، بێ ئەوەی بمرن و رزگار ببن)...

لَوَّاحَةٌ لِّلْبَشَرِ ﴿29﴾

(پێستیان هەڵدەقرچێنێت و) ڕەشی دەکات.

عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ ﴿30﴾

نۆزده (فریشته) سەرپەرشتی دۆزەخ دەکەن، یاخود نۆزده، (دەسته له فریشتەکان).

وَمَا جَعَلْنَا أَصْحَابَ النَّارِ إِلَّا مَلَائِكَةً وَمَا جَعَلْنَا عِدَّتَهُمْ إِلَّا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا لِيَسْتَيْقِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ وَيَزْدَادَ الَّذِينَ آمَنُوا إِيمَانًا وَلَا يَرْتَابَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ وَالْمُؤْمِنُونَ وَلِيَقُولَ الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَالْكَافِرُونَ مَاذَا أَرَادَ اللَّهُ بِهَذَا مَثَلًا كَذَلِكَ يُضِلُّ اللَّهُ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ وَمَا هِيَ إِلَّا ذِكْرَى لِلْبَشَرِ ﴿31﴾

جا ئێمە وەنەبێ کار گوزارانی دۆزەخمان (لە کەسانی تر) جگە لە فریشتە بەدی هێنابێ، ئەو ژمارەیەشمان کردووە بەهۆی تاقیکردنەوەی بێباوەڕان، هەروەها بۆ ئەوەش کە خاوەنانی کتێب دڵنیا بن لە ڕاستی ئەم قورئانە (چونکە لە تەورات و ئینجیلدا ئەو باسە هەیە)، وە بۆ ئەوەش کە ئیمانداران زیاتر باوەڕیان دامەزراو بێت، وە خاوەنانی کتێب و ئیماندارانیش حەق نیە توشی دوودڵی ببن، با ئەوانەی دڵ و دەروونیان نەخۆشە (لە دووڕووەکان و) بێباوەڕان (هەر بۆ خۆیان قسە بکەن و بڵێن: خوا باسی ئەم ژمارەیەی بۆچی کردووە؟ جا هەر بەو شتانە دەردەکەوێت (کێ ڕێگەی گومڕایی گرتووە) تا خوا گومڕای بکات، کەسیش بە (ژمارەو دەسەڵاتی) سەربازانی پەروەردگارت ئاگادار نیە جگە لە زاتی خۆی، وە ئەو دۆزەخەش بۆ خەڵکی (یاخی یە) تا ژیرەکان (حسابی بۆ بکەن).

كَلَّا وَالْقَمَرِ ﴿32﴾

نەخێر، سوێند بە مانگ (ئەو خەڵکە چاك هەستی پێ ناکەن).

وَاللَّيْلِ إِذْ أَدْبَرَ ﴿33﴾

وە بە شەویش کە تێدەپەڕێت (زۆربەیان باوەڕیان بە قیامەت نیە).

وَالصُّبْحِ إِذَا أَسْفَرَ ﴿34﴾

وە بە بەرەبەیان کە خۆی دە نوت..(زۆربەی خەڵکی غافڵە).

إِنَّهَا لَإِحْدَى الْكُبَرِ ﴿35﴾

(ئەو دۆزەخە) شتێکی زۆر سامناك و گەورەو ترسناکە.

نَذِيرًا لِّلْبَشَرِ ﴿36﴾

بۆ بێدارکردنەوەی سەرجەم خەڵکانە.

لِمَن شَاء مِنكُمْ أَن يَتَقَدَّمَ أَوْ يَتَأَخَّرَ ﴿37﴾

جا ئیتر ئەوەی دەیەوێت با بەرەو پێش بچێت (پێشبڕکێ بکات لە چاکەکاریدا) یان خۆی دوا بخات (لەو بوارەدا).

كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ ﴿38﴾

(چونکە لە قیامەتدا) هەموو کەس بارمتەی دەستپێشکەری خۆیەتی و (کردەوەکانی دێنەوە ڕێی).

إِلَّا أَصْحَابَ الْيَمِينِ ﴿39﴾

جگە لە دەستەی ڕاستان و (ئیماندارانی کردەوە چاك).

فِي جَنَّاتٍ يَتَسَاءلُونَ ﴿40﴾

لەناو بەهەشتەکاندان و پرسیار دەکەن...

عَنِ الْمُجْرِمِينَ ﴿41﴾

لە تاوانباران...

مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ ﴿42﴾

ئەوە چی بوو بەهۆی ئەوەی کە ئێوە راپێچی دۆزەخ بکرێن؟!

قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ ﴿43﴾

(بەکەساسیەوە) دەڵێن: ئێمە لە نوێژگەران نەبووین...

وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ الْمِسْكِينَ ﴿44﴾

خۆراکمان بە هەژاران نەدەبەخشی...

وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ الْخَائِضِينَ ﴿45﴾

ئێمە لەگەڵ (دەم درێژو بێ ئابڕووەکاندا قسەی خۆمان دەکردو) لە بابەتی ئەوانمان دەگوت و (رەخنەی بێجێمان دەگرت).

وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوْمِ الدِّينِ ﴿46﴾

ئێمە بڕوامان بە ڕۆژی قیامەت نەبوو، بە درۆمان دەزانی.

حَتَّى أَتَانَا الْيَقِينُ ﴿47﴾

هەتا مردن یەخەی پێگرتین و (ڕۆژگاری تەمەنمان کۆتایی هات).

فَمَا تَنفَعُهُمْ شَفَاعَةُ الشَّافِعِينَ ﴿48﴾

ئیتر تکای تکاکاران بۆ ئەوان سودی نیە.

فَمَا لَهُمْ عَنِ التَّذْكِرَةِ مُعْرِضِينَ ﴿49﴾

باشە، ئەوە بۆچی لە یاد خستنەوە پشت هەڵدەکەن و ڕوو وەردەگێڕن.

كَأَنَّهُمْ حُمُرٌ مُّسْتَنفِرَةٌ ﴿50﴾

دەڵێی گوێ درێژی کێوین، شڵەژاوو سەرسواون...

فَرَّتْ مِن قَسْوَرَةٍ ﴿51﴾

لەدەستی شێر هەڵدێن...

بَلْ يُرِيدُ كُلُّ امْرِئٍ مِّنْهُمْ أَن يُؤْتَى صُحُفًا مُّنَشَّرَةً ﴿52﴾

باشه، ئاخر، هەریەك لەوان دەیەوێت (لە ئاسمانەوە) نامەیەکی تایبەتی بۆ بێت؟ (تا شوێنی محمد صلى الله عليه وسلم بکەوێت)!!

كَلَّا بَل لَا يَخَافُونَ الْآخِرَةَ ﴿53﴾

نەخێر (ئەوانە بەهیچ شتێك داناچڵەکێن چونکە) ترسی لێپرسینەوەی قیامەتیان نیە.

كَلَّا إِنَّهُ تَذْكِرَةٌ ﴿54﴾

نەخێر ئەوانە (بەسەریانەوە ناچێت) چونکە ئەم قورئانە یادخستنەوەی ڕاستیەکانە.

فَمَن شَاءَ ذَكَرَهُ ﴿55﴾

جا ئەوەی دەیەوێت (ئەمڕۆ ئازادە) با لەیادی بگرێت و (شوێنی بکەویت).

وَمَا يَذْكُرُونَ إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ هُوَ أَهْلُ التَّقْوَى وَأَهْلُ الْمَغْفِرَةِ ﴿56﴾

جا ئەو خەڵکە یاداوەری وەرناگرێت و بیر لەم ڕاستیانە ناکاتەوە مەگەر ویستی خوای لەسەر بێت (کە لەگەڵ ویستی ئینسانە بەختەوەرەکاندا یەك دەکەوێت) جا هەر ئەو زاتەش شایستەی ئەوەیە کە خەڵکی حسابی بۆ بکەن و لە خەشمی بترسن، وە هەر ئەویش لەخۆی گرتووە کە لێخۆشبوو بێت (لە ئیماندارانی گوناهبار، کاتێک تەوبە دەکەن).